**بەگۆرانی بێژەكان ئەوێرن بەلام.... دانا مستەفا**

ئەوەی ئەم چەند ڕۆژە ڕوو ئەدات ئەوەندە بە ئێشە كە ئەهێنێ پیاو هەڵوێستەیەكی لەسەر بكات و ئەگەر ئەوانەی خۆیان بە نووسەروڕۆشنبیر ئەزانن لەسەری بێدەنگ بن ئەوا گەورەترین خیانەت بەرامبەر بە ویژدانی خۆیان و میللەتەكەیان ئەكەن...

لە سایتی پەیامێر و ئەمڕۆش لە كوردستانی نوێ بە فەخرو شانازیەكەوە هەواڵی ئەتكردنی هونەرمەندانی كورد ڕائەگەیەنرێت..

ئەڵێن گوایە كامەران عومەر و میدیا حسێن و هونەرمەندێكی لاوی تر كە زۆر نیە هاتۆتە سەر شانۆی گۆرانی وتن بەختیار ساڵح بە تلیاكەوە گیراون...

ئەم هەواڵە ¯كەس نازانێ ڕاستە یان مەبەست لێی شكاندنی ئەم سێ هوونەرمەندەیە..

بەلام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە كە ڕاگەیاندنی دوو پالە ¯وانەكەی سەر ساحەی كوردستان زۆر بە حەماسەتەوە هەواڵە كە ڕائەگەیەنن و ترش و خوێی پێوە ئەكەن...

ئەوەی كە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە كە ئەوان بە مانشێتێكی گەورە نووسیوویانە دەست گیركردنی باندێك كە بازرگانیان بە ماددە بێهۆش كەرەكانەوە كردووە، ، كەچی هەر خۆیان ئاماژەیان بەوە كردووە كە ئەم هوونەرمەندانە تەنها كڕیار و بەكارهێن بوون نەك فرۆشیار، ، نەك ئەوەی بازرگانیان پێوە كردبێت..

جا ئەگەر ئەوان مەبەستیان ئەوەنەبێ ئەم هوونەرمەندانە بشكێنن و بۆیان تێچێنن چۆن نابێ ڕەچاووی ئەو جیاوازیە گەورەیە بكەن كە لەنێوان كەسێكدا هەیە كە تلیاك بەكار ئەهێنێت و كەسێك كە بازرگانی پێوە ئەكات و ئەیفرۆشێت؟؟؟

یان ئەوان ئەمەیان بەلاوە گرنگ نیە و تەنها ئەیانەوێت بلێن كامەران یان بەختیار بازرگانیان بە تلیاكەوە كردووە...

ئەگەر ئەم نەگبەتانە ماددەی بێهۆش كەریشیان بەكار هێنا بێت یەكەم و ئەخیر كەس نین... بەلام چوونكە خەڵكی هەژار و بێ پشت و پەنان شكاندنیان لە بەرچاووی جەماوەردا لێی ئاسانتر نیە، ، مەگەر بەبینی خۆمان بێت ئێمە موعتادمان زۆر لەوان زیاتر هەیە كە شتی قەبەن و بەلام ڕاگەیاندن جورئەتی ئەوەی نیە توخنیان بكەوێت..

ئاشكراشە كەسانی هوونەرمەند كەسی حەساس ترن لەئێمەو زۆرتر تووشی ادمان بوون ئەبن بە ماددە بێ هۆش كەرەكان..

سەید دەروویشی گەورە مۆسیقاری میسری مودمین بوو بەلام بەشێوەی ئەم نەگبەتانەی كورد ئەتكیان نەكرد... بەلیغ حەمدی كە یەكێك بوو لە مۆسیقارە بلیمەتەكان كە لەوانەیە لە كەسێكی وەك مۆزارت كەمتر نەبێت مودمین بوو...

تەنها كامەران و میدیاو بەختیار نین كە ماددەی بێهۆشكەریان بەكارهێناوە، ، ئەو هوونەرو خزمەتەی كە پێشكەشی گەلی كوردیان كردووە ئەیهێنا كە بەوشێوەیە لە بەرچاووی خەڵكدا سووك نەكرێن... ئەگەر ئەوان ئەوهەلە ¯یەشیان كردبێ كە لەهەندێ ولاتی وەك هۆلە ¯ندا بە هەلە ¯ش دانانرێ، ئەبوایە بیان پۆشیایە ولە نەخۆشخانەكانی سلێمانیدا چارەسەریان بكردنایە، ، ، بەلام نەك ئەوەیان نەكرد بەڵكو لە كڕیارێكی سادەشەوە كردیانن بە باندی مافیا...

دوێنێ ئازاد خانەقینی بە دڵێكی شكاوەوە سەری نایەوەو هەر ئەمڕۆش چەند هوونەرمەندێكی وەك مامۆستا كەریم كابان و حەمەی نێرگز و چەندانی تر لەپەڕاوێزان و لەوەش خراپتر ئەوەیە بەم هوونەرمەندانەی تر كرا...

تێبینی
برۆ سەیری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بکە
سێ شەممە سی مانگ
گۆرانی بێژێکی تر بەتۆمەتی بازرگانی کردن بە تلیاک دەستگیر کرا